## گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

# ڕێژەی نەخۆشییە دەروونییەکان بەرز دەکاتەوە

لە دەیەی دووەمی هەزارەی سێیەمداین و سەرەڕای پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم، گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا خەڵکێکی زۆری گیرۆدە کردووە، ئەوەش وایکردووە نەخۆشییە دەروونییەکان لەهەڵکشاندا بن، پسپۆڕانی دەروونیش هۆکارەکانی بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکەن کە بریتین لە: هۆکارە بایۆلۆژییەکان، هۆکارە سایکۆلۆژییەکان، هۆکارە سۆسیۆلۆژییەکان، بێگومان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاک هەیە و چەندین کەسی تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە، هەرێمی کوردستانیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە و هەر لەو بارەیەوە بەشدارانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو.

سەرەتا د. کارزان جەلال، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر، ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو کە نەخۆشخانەکەیان لە دوو بەشی نەخۆشییە کورتخایەن و درێژخایەنەکان پێکدێت، گوتیشی: «لە هەر دوو بەشەکەدا پزیشکی پسپۆڕ و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیمان هەیە و بە چەندین شێوە نەخۆش چارەسەر دەکرێت. ئەوانەی نەخۆشی کورتخایەنی دەروونییان هەیە، ماوەیەکی کەمیان بۆ چارەسەر دەوێت، کە ئەو ماوەیە رەنگە نەگاتە مانگێك، بەشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانیش تایبەتە بەو نەخۆشانەی کە چارەسەرکردنیان ماوەیەکی زۆری دەوێت، کە چەند نەخۆشییەکە لەوانە: نەخۆشی دێوانەیی و نەخۆشی دووجەمسەری و چەندین نەخۆشی دیکە کە لەلایەن پسپۆڕانی تایبەتەوە چارەسەر دەکرێن، ئەو نەخۆشانەی کە لە بەشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانن ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٤٠ کەس و ئێمە بە بەردەوامی چارەسەری دەروونییان بۆ ئەنجام دەدەین، کە ئەمیش دوو بەشە، بەشێکیان نەخۆشی درێژخایەنە و بەشێکی دیکەیان بریتییە لە بەشی پزیشکی یاسایی و ئەو نەخۆشانە لەخۆ دەگرێت کە بە هۆی نەخۆشی دەروونییەوە کێشەیەکیان دروستکردووە، یان تاوانێکیان ئەنجام داوە».

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر، سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان هێمای بۆ ئەوە کرد «بە هاوکاری توێژەر و ستافێکی تایبەت بەردەوام نەخۆشەکان دەبەن بۆ دەرەوەی هەولێر، بەتایبەتی ئەوانەی کە حاڵەتەکەیان زۆر قورس نەبووە، گوتیشی: «مەبەستمان لە بردنی نەخۆشەکان بۆ دەرەوەی هەولێر ئەوەیە کە نەخۆشەکان بتوانن سەر لەنوێ لەگەڵ کومەڵگە بگونجێنەوە. هەروەها ئێمە بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشەکان لەسەرەتادا بکەین، تیمی چارەسەری ناو ماڵانمان کردۆتەوە، کە ئەم ستافە سەردانی ماڵان دەکەن و لەنێو ماڵەکاندا نەخۆشەکان چارەسەر دەکەن». سەبارەت بە کاریگەری گرفتی کۆمەڵایەتی و پاڵەپەستۆی دەروونی لەسەر کەیسی دەروونیش گوتی: «هەموو کەسێك کۆمەڵێك نیشانەی دەروونی هەیە کاتێك لە ژێر هەر پاڵەپەستۆیەکی دەروونیدا بژی، ئەمەش وایکردووە کە نەخۆشی دەروونی ماوەی دیاریکراوی خۆی هەبێت، واتا ئەو کەسەی کە تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبێت، لەوانەیە بۆ ماوەی دوو هەفتە زیاتر هەست بە بێتاقەتی و بێزاری و کەمخەوی بکات، ئەمەش وادەکات کە ئەو کەسە لە ژیان داببڕێت، یان تووشی خەمۆکی گەورە ببێت، بێگومان خەمۆکیش پلەی هەیە، هەیە کەسەکە دەتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی کار بکات، یان لە خوێندن بەردەوام بێت، بەڵام هەشە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ماوەیەکی بەردەوام تووشی بێزاری و کەمخەوی دەبێت، کە ئەوە پێی دەگوترێت خەمۆکی گەورە، هەروەها بۆماوەیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دروستبوونی نەخۆشییە دەروونییەکان هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆر حاڵەتی دیکەش هەیە، وەك ئەوەی کە زۆرجار منداڵ لە سکی دایکدا تووشی گرفت دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ پێدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی تەمەنی یەك بۆ پێنج ساڵی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر کەسایەتی مرۆڤ هەیە.

د. کارزان جەختی لەوەش کردەوە کە چۆن بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان مرۆڤ سیستەمی بەرگری هەیە، ئەوا بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانیش هەمان شت هەیە، واتا کاریگەری دەروونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی زۆر جیاوازە، بۆ نموونە زۆرجار دەبینین کە لە بەردەم چەند کەسدا کارەساتێکی ئۆتۆمبێل روودەدات، چەند کەسێکیان زۆر بەئاسایی وەریدەگرن و دەچن بریندارەکان رزگار دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە تووشی شۆکی دەروونی دەبن، ئەگەریش هەیە لە هۆش خۆ بچن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توانای بەرگریکردن بەرامبەر بە نەخۆشییە دەروونییەکان لە کەسەکاندا جیاوازە، ئەو خێزانانەش کە بە شێوەی بۆماوەیی کەسانی نزیکیان نەخۆشی دەروونییان هەبووە، ئەوا زووتر تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە لە کۆمەڵگەی ئێمە بۆچی نەخۆشی دەروونی درەنگ چارەسەر دەکرێت؟ گوتی: «هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە نەخۆشی دەروونی شارەزاییان نییە و نازانن کە نەخۆشی دەروونی چییە، ئەمەش وایکردووە کەسێك پێی شەرم بێت راوێژ بە پزیشکی دەروونی بکات، یان دوای چەندین ساڵ پەنا بۆ چارەسەری دەبات».

د. ئومێد قادر تەها پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان سەرەتا ریزبەندیی هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان بە سێ هۆکاری بایەلۆژی، سایکۆلۆژی و سۆسۆلۆژی دەستنیشان دەکات، هاوکات دەڵێت: «هۆکارە بایەلۆژییەکان بریتین لە هۆکاری بۆماوەیی ئەوەش کۆمەڵێك توێژینەوەی لەسەر کراوە و دەرکەوتووە کە هۆکارو فاکتەرێکی گرنگ هەیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان لە رێگەی گواستنەوەی کرۆمۆسۆمەکان لە باوانەوە بۆ وەچەکەی، کە هەر خانەیەکی لەشی مرۆڤ لە ٤٦ کرۆمۆسۆم پێکهاتووە و هەندێ لەو کرۆمۆسۆمانە هەڵگری توخمی بۆ ماوەیین کە لە باوانەوە بۆ وەچەکان دەگوازرێتەوە، لە توێژینەوەی ناو خێزانەکان دەرکەوتووە کە باوکێك نەخۆشی دێوانەیی هەبێت، ئەوا ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەی ١٠٪ دەبێت، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش ١٪ ئەگەری تووشبوونی تاکەکانی هەیە بەم نەخۆشییە، ئەگەر دایك و باوکەکە هەردووکیان نەخۆشی دێوانەییان هەبێت، ئەوا منداڵەکەیان ئەگەری ٤٦٪ی بۆ تووشبوون هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئەو نەخۆشییە لەناو بەرەبابدا هەبێت، ئەگەری تووشبوونی ٥-٦ بەرامبەرە. هۆکارە بایۆلۆجییەکانیش بریتییە لە تێکچوونی کۆمەڵێك گوێزەرەوەی دەماری کە پێی دەگوترێ (نیۆرۆترانزمیترس)، کە لە مێشکی هەر مرۆڤێکدا هەیە و زانیارییەکان لە خانەیەك بۆ خانەیەکی دیکەی مێشك دەگوازێتەوە، لە

د. کارزان جەلال بەڕێوبەری نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر:

**ئەو نەخۆشانەی کە لە بەشی نەخۆشییە درێژخایەنەکانن ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٤٠ کەس و ئێمە بە بەردەوامی چارەسەری دەروونییان بۆ ئەنجام دەدەین**

د. ئومێد قادر تەها:

**بەپێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە ١٦٪ی هەموو کۆمەڵگەیەک نەخۆشی دەروونی هەیە و بە هۆی شەڕ و کوشتار و نەبوونی و نەهامەتییەکان کە تا هەنوکەش بەردەوامە و بەرۆکی کوردی بەرنەداوە، ئەگەری زیاتری ئەو رێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە**

هەر کەسێك کە ئەو گوێزەرەوە دەمارییانەی تێکچوو، نەخۆشییەکە بە کۆمەڵێك نیشانە خۆی دەنوێنێ، کە ئەگەر ئەو نەخۆشییانە کورت بکەینەوە لە چەند خاڵێکدا، بریتین لە: نۆرئەدرینالین، سیرۆتۆنین، دۆپامین، گاما ئەماینۆ بیۆتریك ئەسید، لەگەڵ ئەسپارتید، بیۆتامەنەدارسەترس، ئەڵبەتە گۆێزەری دەماری زۆر بابەتی دیکەش دەگرێتەوە، کە ناکرێ لێرەدا هەمووی باس بکرێ، چونکە ئێمە دەمانەوێ هاووڵاتی سڤیل باشتر تێبگات، بەڵام هەموو ئەو نەخۆشییانە بە هۆی تێکچوونی گوێزەرەوەی دەماری لە مێشکی کەسی نەخۆشدا دروست دەبن. هۆکارە سایکۆلۆژییەکانیش واتە هۆکارە رۆحی و دەروونییەکان پەیوەندی راستەوخۆی بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا هەیە، واتە هەر لە منداڵییەوە چۆن راهاتووە رووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوە، یان ئەو میکانیزم و ستراتیژییەی چۆن هەڵبژاردووە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری، بۆ نموونە کەس هەیە زۆر لە سەر شتەکان دەڕوات و لای خۆی ئاڵۆزی دەکات، ئەمجۆرە کەسایەتییە زۆرتر ئامادەگی هەیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەو نەخۆشییە بشارێتەوە و دەرنەکەوێ، بەڵام کە رووداوێکی ناخۆشتری بۆ دروستدەبێ، یەکسەر نەخۆشییەکەی دەردەکەوێ. بەڵام هۆکارە سۆسیۆلۆجییەکان (کۆمەڵایەتییەکان) بۆ تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی گەلێك زۆرن و هەر لە پەروەردەی خێزانییەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە ناو گەڕەك و قوتابخانە و شوێنی کار و....تاد، کە هەموویان کاریگەری خۆیان هەیە. بۆ نموونە دانیشتووانی گەڕەکەکانی ناوەندی لە شارە گەورەکان زۆرتر کێشەیان هەیە و زیاتر ئامادەگییان هەیە بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی بن، بە هۆی ئەوەی وەکو پێویست خەڵك مامەڵە لە گەڵ یەکتر ناکەن، هەروەها لەو گەڕەکانەی سەنتەری شارەکان شوێن و بواری



یاریکردن بۆ منداڵ نییە، وەکو پارکێك کە یاری تیا بکەن. بەگشتی کێشــە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو شارەکان زیاترن بە بەراورد لە گەڵ گوند و لادێکاندا، ســێ جۆر هۆکاری دیکەش هەن کە درێژەپێدەری ئەو هۆکارانەن و پێیان دەڵێن: (پریدز پۆزیــن) مانای ئەوەیە ئامادەییان بۆ تووشــبوون هەیە».

د. ئومێد لە درێژەی قســەکانیدا باســی ئەوەی کرد کە بەدخۆراکــی هەندێ کەس تووشــی نەخۆشــی دەروونی ناکات، بەڵکو نەخۆشی جەســتەیی لێدەکەوێتەوە، هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە هەمیشە روح و دەروونێکی ساغ لە جەســتەیەکی تەندروستدایە، وەك چۆن خرۆکە سپییەکانی خوێــن بەرگری لە لــەش دەکــەن، میکانیزمی بەرگری دەروونی بۆ روحی مرۆڤیش نزیکەی ١٠١ جۆری بەرگری هەیــە. بەپێی توێژینەوەکان و بەپێــی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە کە ١٦٪ی هەموو کۆمەڵگەیەك نەخۆشی دەروونی هەیە، هەڵبەت کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵگەیەکی دانەبراوە لە کۆمەڵگەکانی دیکە و بەدەر نییە لە کێشە و گرفت و نەخۆشی، هەروەها بەهۆی شــەڕ و کوشتار و نەهامەتی کە تا هەنوکەش بەردەوامە و بەرۆکی کوردی بەر نەداوە، ئەگەری زیاتری ئەو رێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە».

د. ئومێد قادر ئەوەشی خستەڕوو کە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی ســەردانیان دەکەن بریتین لــە «نەخۆشــییە ویژدانی و میزاجییەکان لەگەڵ نەخۆشییەکانی دڵەڕاوکێ، گوتیشی: «هەڵبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تێکچوونی کەســایەتی زۆرە، بەڵام خۆیان بە نەخۆش نازانن و سەردانمان ناکەن»، ســەبارەت بە جۆرەکانی چارەسەریش گوتی: «جۆرەکانی چارەسەر زۆرن، لەوانە چارەسەرکردنی دەرمانی کە کۆمەڵێ دەرمانمــان هەیە بۆ چارەســەری، جیا لەوە چارەســەری دەروونیمان هەیە کە کەســی چارەساز لەگەڵ نەخۆشەکە دادەنیشــێ بۆ چەند جارێك و هەر دانیشتنێك ماوەکەی لە ٤٠ تا٤٥ خولەك دەبێت، لەوانیە نەخۆشەکە پێویستی بەوە بێت، هەفتەی جارێك، یان دوو جار پزیشــکەکە ببینێت، هەروەها چارەســەری خێزانیمان هەیە کە کێشەی نێوان ژن و مێرد چارەسەر دەکات، هەروەها چارەسەری خانەوادەگی هەیە، نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت کە چارەسەری مەعریفی زۆر گرنگە و زیاتر وەك چارەســەر بەکاردێت و پسپۆڕی ئەو چارەسەرییەش جیایە و کاری ئێمە نییە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەو پســپۆڕییە لێرە، ئێمە وەك خزمەتێکی مرۆیی ئەو کارەش دەکەین، هەروەها چارەســەری کۆمەڵایەتی کە لە رێگەی توێژەران و پســپۆڕانی ئەو بوارە ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی هۆشــیارکردنەوەی کەسوکاری نەخۆشەکە و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیدا، وشــەدەرمانیش شتێکی زانستییە و کاریگەری خۆی هەیە، لێرەوە دەمەوێ هاوولاتی وشیار بکەمەوە لەوەی کە نەخۆشی دەروونی شتێکی عەیب نییە و هەموومان ئەگەری رووبەڕووبوونەوەیمان هەیــە، چونکە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە کێشــەی دەروونیشی هەبووە وچارەسەرنەکردنیشی کێشەی گەورەتری دروست کردووە، وێڕای ئەوەی تاکێکی ناساغ و ناتەندروست دەخزێتە نێو کۆمەڵگە و دەبێتە بارگرانی، هیوادارم تاکەکان رۆشــنفکر بن و بزانن دەروونیش بەشــێکە لە جەســتە و پێویستی بە پارێزگاریکردن هەیە.

لەلای خۆیەوە پسپۆڕی دەروونی سامان سیوەیلی، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونیی مرۆڤەکان دوو لایەنی وابەستەی یەکترن، واتا هەموو کێشــە کۆمەڵایەتییەکان راستەوخۆ کاردەکەنە ســەر باری دەروونــی مرۆڤ، ئەگەر هاتــوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییــەکان بەتایبــەت پەیوەندییــە خێزانییــەکان پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز و توندوتۆڵ نەبێ، پەیوەندییەك نەبێ لەسەر بنەمای رێزگرتن لەیەکتر و ئاسوودەیی بەخشین بەیەکتر، ئەوا بێگومان تاکەکان تووشــی قەیرانی دەروونی و دڵەڕاوکــێ و تەنیایــی و خەمۆکــی دەکات و دواجار گرفتە دەروونییەکان قووڵتر دەبنەوە، لەئاکامدا کەسەکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشــاییەکان پەنا بۆ کەســانی دیکە دەبات، بۆ نموونە کاتێك ئافرەت لــە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕاوە، یان لە تێکەڵاوی و گفتوگۆکردنی هاوســەرەکەی پەراوێز خراوە، ئەوکات لایەنە دەروونی و سۆزدارییەکەشــی کەلێنــی تێدەکەوێت، چونکە ئەگەر پێکەوەژیان نەبێ لەناو خێزاندا ئافرەت بەدوای جێگرەوەیەك دەگەڕێ و دوور نییە تووشی ناپاکی هاوسەریش ببێت، پێچەوانەی ئەوەش راستە و بۆ پیاویش بە هەمان شێوە روودەدات، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە زیاتر ئەو حاڵەتە لای ئەو کچ و کوڕانە روودەدات کە لەناو خێزان پەراوێز خــراون و دایك و باوك نەیانتوانیوە پەیوەندییەکــی بەهێزیــان لەگەڵ دروســت بکەن، ئەویش بەهۆی زۆر کارکردن و سەرقاڵی ژیان و پەیداکردنی بژێوی رۆژانە، تەنانەت زۆر بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لەلایەن خەڵکەوە وایکردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاڵ ببنەوە، ئەوەش جۆرێك لەهەستکردن بە تەنیایی و نائارمی و نیگەرانی لای ئەو کەســانە دروستکردووە، ئەوانەش لە رووی دەروونییەوە کاریگەری نەرێنییان هەیە و نەخۆشــی دەروونــی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دیارە ئەوانەی لە رووی دەروونییەوە ئاسوودە نەبن، ناتوانن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئاسوودە بن، هەمیشــە ئامۆژگاری کەسانی تووشبوو بە خەمۆکــی بەوە کراوە کە پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێز بکەن، تەنانەت قەیرانی دارایی و دابڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و بەخشین و پاڵپشتی لەناو خێزاندا تاك دووچاری خەمۆکی و گرفتی دەروونی دەکات کە هەندێکجار بە خۆکوشتن و خۆسووتاندن کۆتایــی هاتووە، بــەڵام لە رابردوودا و لــە کۆمەڵگەی کوردەواریدا حاڵەتی خۆکوشتن و خۆسووتاندن زۆر کەم بووە بە بەراورد بەم ســەردەمە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە ئەو کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بووەو خزم و دراوســێ بەدەوری یەکەوە بوون.

سامان سیوەیلی:

**قەیرانی دارایی و دابڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و بەخشین و پاڵپشتی لەناو خێزاندا تاك دووچاری خەمۆکی و گرفتی دەروونی دەکات**

**لە رابردووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا حاڵەتی خۆکوشتن و خۆسووتاندن زۆر کەمتر بووە بە بەراورد بەم سەردەمە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە ئەو کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بووە**



# منداڵانی ئاوارە لە قوتابخانەی دیرۆک داوای ئاوڕلێدانەوە دەکەن

**بەپێی ئاماری فەرمی ١٥١٨ خێزانی رۆژئاوای کوردستان لە سنووری شارۆچکەی (کەسنەزان)ی هەولێر نیشتەجێن و تا ئێستاش زیاتر لە ٧٠٠ قوتابی لە خوێندن بێبەشن، بەڵام بە هیممەتی دوو مامۆستای خۆبەخش و بەهاوکاری رێکخراوی (UNICEF)و شارەوانی و پەروەردەی هەولێر، قوتابخانەیەك بە کابینە بۆ ٤٥٠ منداڵی ئاوارە لە شارۆچکەی (کەسنەزان)ی هەولێر دروستکراوە. گوڵان لە درێژەی رووماڵکردنی بارودۆخی ژیانی ئاوارەکان و لە کارێکی مەیدانیدا ئەو قوتابخانەیەی بەسەرکردەوە.**

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو کاتێك دەوامی قوتابخانەی بنەڕەتی دیرۆك لە شارۆچکەی (کەسنەزان)ی هەولێر تەواوببوو، منداڵێك لەدەرەوەی قوتابخانەکە چاوەڕوانی دایکی دەکرد، بارانێکی بەخوڕدەباری و تەڕی کردبوو. ئەو کیژۆڵەیە هەڵدەلەرزا و هاوکات باران و فرمێسکی چاوی تێکەڵ بە یەکتری دەبوون و بە سەر گۆنایدا گلۆر دەبوونەوە. هێندەی نەبرد، دایکی گەیشت و باوەشی پێدا کرد و بردیە بەر هەورەبانی دووکانێك بۆ ئەوەی لەو بارانە بە لێزمەیە بیپارێزێت. ئەو خاتوونە کە خۆی بە رابیعە سەعید ناساند، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی: «راستە هەرێمی کوردستان و سەرۆکە دڵسۆزەکەی ئامێزی بۆ هەموو ئاوارەیەك کردۆتەوە، قوتابخانەشیان بۆ منداڵەکانمان دروست کردووە، بەڵام نە کتێبیان هەیە، نە ئاویان هەیە، هێشتا بەشێك لە منداڵەکان لە سەر عەرز دادەنیشن، زۆرێك لە منداڵەکانیشماڵیان لە قوتابخانەکە دوورە و توانای ئەوەشمان نییە تەکسییان بۆ بگرین».

رۆژی شەممە سەردانی هەمان قوتابخانەمان کرد و راسپێر رزگار بەڕێوەبەری قوتابخانەکە باسی ئەوەی کرد کە قوتابخانەکەیان تایبەتە بە منداڵانی رۆژئاوای کوردستان و پۆلی یەك تا شەشی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، گوتیشی:»راستە ژوورەکانی کابینەن، بەڵام بە شێوەیەکی رێکوپێك دروستکراوە و گۆڕەپانێکی باشی هەیە، رێکخراوی (UNICEF) رۆڵی سەرەکیی لە دروستکردنی هەبووە، ئێمەش وەکو پەروەردە لە خزمەتیاندا بووین، ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و پەروەردەی دەشتی هەولێر درێغییان نەکردووە، هەروەها هەندێك رێکخراو هەن کە سەردان دەکەن و هاوکاریمان دەکەن، بەڵام هێشتا هەندێك کەموکوڕی هەیە کە لە هەوڵی چارەسەرکردنیداین».

سەبارەت بەوەش کە وەرزی سەرما هاتووە و بۆچی هیچ گەرمکەرەوەیەکیان نییە، گوتی: «بە سوپاسەوە رێکخراوی (ریك) بەڵێنی داوە سبلیت بۆ هەموو ژوورەکان دابین بکات، بەڵام هێشتا کارەبای رەئیسیمان بۆ نەهاتووە، کە بڕیارە لەم رۆژانەدا ئەوەش چارەسەر بکرێت».

قوتابییەکان ژمارەیان ٤٥٠یە، بەڵام توێژەری دەروونییان نییە و دۆخی تایبەتی و باری دەروونی ئەو منداڵانە رەچاو نەکراوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش بەڵێنیدا لەگەڵ سەرووی خۆیان باسی بکەن و گوتی: «ئەو منداڵانە شەڕ و ئاوارەبوونیان بینیوە و پێویستە زیاتر رەچاوی باری دەروونییان بکرێ».

لەکۆتایی قسەکانیشیدا سوپاسی بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کارگێڕی کردو «هاوکاری و دڵسۆزی»یانی بەرز نرخاند. هاوکات ئەوەشی خستەڕوو کە قوتابخانەکەیان پێویستی بە جێگری بەڕێوەبەر و توێژەری دەروونی و کارمەندێکی ئیداری و دوو خزمەتگوزار و پاسەوانێك هەیە.

زەنگی پشوو لێدراو قوتابییان هاتنە حەوشە، ژمارەیەکی زۆریان دەهاتنە بەردەم کامێراکە و دەستیان بە هێمای سەرکەوتن بەرز دەکردەوە. لەو لاوەتر چەند قوتابی بە سەرە وەستابوون و دەمیان بە بۆڕی ئاوەکەوە دەنا و تینوویەتی خۆیان دەشکاند، یەکێك لەو منداڵانە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پێشتر ئاوتان نەبوو، چیتان دەکرد؟ گوتی:«ئاویشمان نەبێت، هەردێینە قوتابخانەو نامانەوێ لە خوێندن دوابکەوین».



گوڵان - کۆمەڵایەتی



قوتابییەك:

**ئاویشمان نەبێت هەر دێینە قوتابخانە، چونکە نامانەوێ لە خوێندن دوابکەوین**



مامۆستایەك:

**گرنگ ئەوەیە نەوەی دوارۆژمان بە باشی پەروەردە بکەین و بەسەر دوژمنانی ئەم خاکە و نەیارانی نەتەوەکەشماندا زاڵ بین**



بەڕێوەبەری قوتابخانەکە:

**ئەو منداڵانە شەڕ و ئاوارەبوونیان بینیوە و پێویستە زیاتر ڕەچاوی باری دەروونییان بکرێ**

مامۆستای خۆبەخش شاهین غیدان حەسوون، خەڵکی شاری (حەسەکە)ی ڕۆژئاوای کوردستانە و یەکێك لە چالاکانی هەڵسووڕ بووە کە بەدواداچوونی زۆری بۆ بنیادنانی ئەو قوتابخانەیە کردووە، وەك باسیکرد بەپێی ئاماری فەرمی ١٥١٨ خێزانی ڕۆژئاوای کوردستان لە سنووری کەسنەزان نیشتەجێن، تائێستاش زیاتر لە ٧٠٠ قوتابی لە خوێندن بێبەشن، سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنیشیان بۆ دروستکردنی قوتابخانەکە گوتی: «لە ڕێگەی فەیسبووك و پەیوەندییەکانمان توانیمان نزیکەی بیست مامۆستای خۆبەخش پەیدا بکەین، کە لە قوتابخانەیەك لە ڕۆژانی هەینی و بەبێ بەرامبەرو خۆبەخشانە وانە بڵێنەوە، سەرەتا بەچوار دەرسی زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و بیرکاری دەستمان پێکرد، ژمارەی قوتابییان ئەو کات گەیشتە زیاتر لە ٣٠٠ قوتابی و بۆ ماوەی شەش مانگ لە خوێندنی ڕۆژانی هەینی بەردەوام بووین، بەدواداچوونی زۆرمان کرد بۆ ئەوەی قوتابخانەیەك بۆ ئەو منداڵانە دروست بکرێت، دواتر توانیمان ڕەزامەندی وەربگرین و ڕێکخراوی (UNICEF)یش لەسەر ئەرکی خۆی ئەم قوتابخانەیەی لە ساڵی ٢٠١٣ دروستکرد، پەروەردەش ئەرکی پێداویستییەکانی دیکەی لە ئەستۆ گرت، وەك ڕاکێشانی ئاو و کارەبا و دابینکردنی مامۆستا و ڕەحلەی پێویست بۆ قوتابییەکان، بەڵام بەداخەوە تاساڵی ٢٠١٤ ڕێگەیان نەدایین ئەم قوتابخانەیە بەکار بخەین و قوتابی لێی سوودمەند بێت، ئەمساڵیش کە کراوەتەوە هەتا ئێستاش زۆر کەموکورتیمان هەیە». باسی ئەوەشی کرد کە بەڕێوەبەری پێشووی قوتابخانەکە «زۆر بە جددی لە هەوڵی دابینکردنی پێداویستییەکان بووە و زۆریش پێیەوە ماندوو بوو، تەنانەت لەگەڵمان هاتە لای جەنابی وەزیر، بەڵام ئەویش لە کەمتەرخەمی و کەمکارییەکان بێتاقەت بوو، بۆ نموونە تا ئێستا ئاوی خواردنەوەمان نییە و لەم ڕۆژانە خێرخوازێك پارەی بۆ ئاوڕاکێشان دابینکردووە و مامۆستا ئیلام کە مامۆستایەکی خۆبەخشە لە سەر حیسابی خۆی دوو تەنکەر ئاوی کڕیوە».

مامۆستا ئیلام پێشمەرگەیە و لە بەرەکانی شەڕدایە و لەکاتی پشووەکانیشی وچانێك وەرناگرێت لەو قوتابخانەیە وانەی ئینگلیزی دەڵێتەوە. ئەویش گوتی: «ڕاستییەکەی کێشەمان زۆرە، هەوڵی زۆریشمان داوە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین، ئەو منداڵانە پێویستە زیاتر بایەخیان پێبدرێ، چونکە لە دۆخێکی تایبەتدان، باری دەروونییان جێگیر نییە، شەڕ ماڵوێران و دەربەدەری کردوون، هەیانە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ چوار ساڵە لەخوێندن دابڕاون. ئەوەش دەزانین کە ڕەوشی ئابووریی هەرێم باش نییە و بڕینی بودجە و شەڕی دژی داعش فشاری زۆری درووستکردووە، بۆیە رازی بووین وەك مامۆستا خۆبەخشانە کاربکەین و منداڵەکانیش بە هەموو کەموکوڕییەکان ڕازی بوون، بەڵام منداڵ بێتاوانەو پێویستە حکومەت و ڕێکخراوەکان و دەزگاخێرخوازییەکانیش ئاوڕی زیاتر لەمنداڵانی ئاوارە بدەنەوە، بۆ ئەوەی لانیکەم لەخوێندن دوانەکەون»، گوتیشی: «گرینگ ئەوەیە نەوەی دوارۆژمان بە باشی پەروەردە بکەین و بەسەر دوژمنانی ئەم خاکە و نەیارانی نەتەوەکەماندا زاڵ بین و وڵاتمان هەر ئاوەدان و پڕ لە ئاسایش و ئاشتی بێت».